**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە ١١٧٢٤ لە ٢٠٢٣/٥/٤**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و بڕگەی (ت) لە بەشی (٣٦) لە یاسای هاتووچۆ ژمارە (٨٦)ی ساڵی ٢٠٠٤ی بەرکار لە هەرێمی کوردستان بەیاسای ژمارە (٣٦)ی ساڵی ٢٠٠٧و ئاماژە بە کۆنووسی لیژنەی پێکهاتوو بەپێی فەرمانی وەزاریمان ژمارە (١٥٦٧٥ لە ٢٠٢٢/٧/٢٥ و ماددەی (١٥) لە ڕێنمایی دیاریکردنی شێواز و قەبارەو ڕەنگ و ناوەڕۆکی تابلۆی ئۆتۆمبیل لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢. بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم ڕێنماییە:

**ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٣**

**دیاریکردنی شێواز و قەبارەو ڕەنگ و ناوەڕۆکی تابلۆی ئۆتۆمبیلی**

**(دیپلۆماسی و نەتەوە یەکگرتووەکان و خاچی سوور) لە هەرێمی کوردستان**

**ماددەی (١): پێناسەکان**

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە بۆ مەبەستی جێبەجێکردنی ئەم ڕێنماییە ئەم مانایانەیە کە بەرامبەریان دیاریکراوە:

١- **تابلۆی ئۆتۆمبیل:** تابلۆیەکە لە کانزای ئەلەمنیۆم دروست کراوە بە ماددەیەکی پلاستیکی ڕەونەقدار رووپۆش کراوە بە قەبارەو شوێنی دیاریکراو لە پێشەوە و دواوەی ئۆتۆمبیل جێگیر دەکرێت.

٢- **(IRQ)** : کورتکراوەی عێراق (IRAQ).

٣- **(KR)**: کورتکراوەی هەرێمی کوردستان (Kurdistan Region).

٤- **(CD)**: کورتکراوەی دەستەی دیپلۆماسی (Corps Diplomatique)

٥- **(UN)**: کورتکراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان (United Nations).

٦- **(RC)**: کورتکراوەی خاچی سوور (Red Cross).

٧- **کۆد**: کۆدێکی دوو ژمارەییە تەرخاندەکرێت بۆ هەر وڵاتێک و ئاژانسێکی نەتەوەیەکگرتووەکان کە لەلایەن فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە دیاری دەکرێت.

**ماددەی (٢):**

مەبەست لەدەرچوواندنی ئەم ڕێنماییە ڕێکخستنی خەسڵەتەکانی دابینکردنی تابلۆی ئۆتۆمبیل بۆ نێردە دبلۆماسی و کونسوڵگەرییەکان و ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و خاچی سووری نێودەوڵەتی کە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆی هەرێم تەرخان دەکرێت و لە بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر بەپێی ستا ندارده نێودەوڵەتی و عێراقییە کان بە ڕە چاوکردنی تایبەتمە ندی هەرێمی کوردستان-عێراق چاپدەکرێت.

**شێواز و نووسین و ڕەنگەکانی تابلۆی ئۆتۆمبیل**

**ماددەی (٣):**

**یەکەم:** کۆدی تابلۆی ئۆتۆمبیلی (CD) و (UN) و (RC) بۆ نا سینەوەیان و بەم شێوەیە لە سەر تابلۆی ئۆتۆمبیل چاپ دەکرێت:

١-کۆدی تایبەت بە (CD).

٢- کۆدی تایبەت بە (UN).

٢- تابلۆی ئۆتۆمبیلی (RC) بێ کۆد دەبێت.

**دووەم:** تابلۆی ئۆتۆمبیل (کورت) بە دوورییەکانی (٣٢٠ × ١٦٠ ملم) دەبێت کە لە پا شکۆی ئەم ڕێنماییە هاتووە.

**سێیەم:** ئەستووری تابلۆی ئۆتۆمبیل (١ ملم) دەبێت.

**ماددەی (٤):**

**یەکەم: تابلۆی ئۆتۆمبیل (کورت) ئەم هێماو ژمارانەی خوارەوەی لەسەر دەنووسرێت و چاپ دەکرێت:**

١- هێمای (IRQ) لە سەرەوەی چەپی تابلۆکە بە شێوەی ستوونی چاپ دەکرێت.

٢- هێمای (KR) لە خوارەوەی چەپی تابلۆکە لە ژێر هێمای (IRQ) بەشێوەی ئاسۆیی چاپ دەکرێت.

٣- ژمارەی تابلۆی ئۆتۆمبیل بە شێوەی ئاسۆیی چاپ دەکرێت.

٥- هێماکانی (CD و UN و RC) و کۆدی (CD و UN) لەناوەڕا ستی سەرەوەی لای را ست بە شێوەی ئاسۆیی چاپ دەکرێت.

٦-ژمارەی تابلۆی ئۆتۆمبیل لەژێر هێماو کۆدەکانی بڕگە (٥)ی ئەم ماددەیە چاپدەکرێت بەشێوەی ئاسۆیی.

٧- کۆدی (CD و UN) لە تەنیشتی لای راستی (CD و UN) بەشێوەی ئاسۆیی چاپ دەکرێت.

٨- هیلۆگرامێکی سکیوریتی لە نێوان هێمای (CD و UN) و کۆدی (CD و UN) و لەریزی لای راستی (RC) جێگیر دەکرێت.

٩- تابلۆی ئۆتۆمبیل بەپیت و ژمارەی زمانی ئینگلیزی دەنووسرێت.

**دووەم:** تابلۆی ئۆتۆمبێل بەبێ هەبوونی هیچ هێڵێکی جیاکەرەوە لە نێوان پیت و هێماو کۆد و ژمارەکان چاپ دەکرێت جگە لە هێڵێکی ستوونی لەلای چەپی تابلۆکە کە هێمای (IRQ و KR) لە ژمارەو هێماو پیت و کۆدەکان جیادەکاتەوە.

**ماددەی (٥):**

**یەکەم:** ڕەنگی تابلۆی ئۆتۆمبیل (باکگراوند) بەڕەنگی (سپی) بۆ هەرسێ جۆرەکانی (CD و UN و RC) چاپ دەکرێت.

**دووەم:** ڕەنگی نووســینی پیت و ژمارەکان و هێلی ســتوونی و هێلی چوارچێوەی تابلۆی ئۆتۆمبیل بە ڕەنگی (سوور) دەبێت بۆ هەردوو جۆری (CD و RC).

**سێیەم:** ڕەنگی نووسینی پیت و ژمارەکان و هێلی ستوونی و هێلی چوارچێوەی تابلۆی ئۆتۆمبیل بە ڕەنگی (شینی ئاسمانی) دەبێت بۆ جۆری (UN).

## ئەحکامە کۆتاییەکان

**ماددەی (٦):**

**یەکەم:** بەڕێوەبەرایەتی گشــتی هـاتووچۆ کـاری پێویســـت ئەنجـامـدەدات بە جێبەجێکردنی میکانیزمەکانی گۆڕینی ژمارەی تابلۆکان لە شێوازی کۆن بۆ شێوازی نوێ بەپێی ئەم ڕێنماییە.

**دووەم:** دیزاینی تابلۆی ئۆتۆمبیل بە هەرســێ جۆری CD و UN و RC بەپێی پاشــکۆی هاوپێچی ئەم ڕێنماییە دەبێت.

**ماددەی (٧):**

**یەکەم:** کار بەهیچ ڕێنمایی و بەیان و بڕیار و نووسراوێک ناکرێت دوای کەوتنەبەرکاری ئەم ڕێنماییە.

**دووەم:** ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی دەرچوونی لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان جێبەجێ دەکرێت.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیــری ناوخــۆ**